# قسەوباسی هاوری ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی لەمەراسمی ئایاردا لەشاری بەغداد

لە رۆژی یەکی ئایاردا یەکیتی شوراو سەندیکای کریکاران مەراسیمیکی شکۆداریان گیرا لە بارەگای خۆیاندا  لە شەقامی زەعیم- بغداد، ئەوەی شایانە باسە لەو مەراسیمەدا چەند کەنالیکی ئاسمانی تەلەفیزین ئامادەبون.

ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق بەشداری کردو بەو بۆنەیەوە ووتەیکی پیشکەش کرد، ئەمەش کورتەی گووتارەکەیەتی




**خۆشەویستانم پیرۆزبایی یەکی ئایارتان لی دەکەم، سوپاسی یەکیتی شوراو سەندیکای کریکاران دەکەم کە ئەم فرسەتەیان پیدام.**

**یەکی ئایار، رەمزی خەباتی کریکاریە دژ بە رژیمی سەرمایەیەداری، دژ بە هەموو جۆرە چەوسانەوەو ستەم‌و زولمیك، رەمزی خەباتی کریکاریە بۆ ئازادی، بۆ یەکسانی، رەمزی بەرە پیش چونی خەبات‌و بزوتنەوەی کریکاریە.**

**هیزی چینی کریکار لە ریکخراوبون‌و یەکیتی ریزەکانیدایە، زەرورەتی ئەم یەکیتیە لە زروفی سیاسی ئیستای عیراقد لە هەموو کات زیاتر بەرەو رومان دەبیتەوە. عیراق لەسایەی داگیرکاری هیزەکانی دەولەتی ئەمریکادا، لەسایەی شەری تائفی‌و قەومی‌و بالا دەستی هیزە میلشیا کۆنەپەرستەکاندا، کە بنەمای ئابوری‌و کۆمەلایەتیان تیکرماندوەو رۆژ لە دوای رۆژ سەرچاوەی گەورەترین تیکدان‌و مەترسین، نەبونی ئەمنیەت بۆتە کیشەیکی سەرەکی لە سەر ژیان‌و خەباتی کریکاری لە عیراقدا.**

**کریکاران لە شوینی کارو لە شوینی ژیانیاندا بەرەو روی هیرشی شەری تائفین، ژیانی خۆیان‌و منالیان بەرەو روی تیرۆرە. ئەو منالانەی ناویان عومەرە، یا حیدەر دەیان کوژن، ئەمە نالەبارترین وەزعیەتێکە کریکارانی عیراق لە بەرامبەریدا دەجەنگن، ئەم جەنگە بە یەکیتی‌و هیزی ریکخراوەیی‌و هیزی چەکداری ریزی بەرینی کریکاران وەلام دەدریتەوە، پیك هینان‌و ریکخستنی لەشکری پرۆلیتاریە کە دەبیت بێتە مەیدان‌و خەلکی عیراق لەم کارەسات‌و مەینەتی‌و نەبونی ئەمنیەتە رزگار کات. حیزبی ئیمە رابەرو هەلسوراوی جدی بەری خستنی ئەو لەشکرەیە.**

**دووبارە پیرۆز بایتان لی دەکەم‌و سەرکەوتوبن**